**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (22)ی رۆژی 2008/12/3دا ئەم یاسایەی دەرکرد:–

# یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2008

# یاسای دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## دەروازەی یەکەم

## حوکمەگشتییەکان

## بەشی یەکەم

## ( پێناسەکان )

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:–

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستانی –عێراق.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** وەزارەت: وەزارەتی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**چوارەم:** وەزیر: وەزیری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستانی ـ عێراق.

**پێنجەم:** دەزگا: دەسەڵاتی فڕۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمی کوردستانی ـ عێراق.

**شەشەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا.

**حەوتەم:** سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی دەزگای فڕۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق.

**هەشتەم:** نەخشەسازی بنچینەیی فڕۆکەخانە: نەخشەسازیو هێلکاریەکانی ئاکارە بنچینەییەکانی فڕۆکەخانەو پاشکۆکانی پێش دامەزراندنو پاش دامەزراندنیو فراوانکردنی ئایندەی.

**نۆیەم:** بەکارخەری فڕۆکەخانە: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، فڕۆکەخانەکە یان بەشێکی دەخاتەکار.

**دەیەم:** وەبەرهێنەری فڕۆکەخانە: کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی کە فڕۆکەخانەکە وەبەردەهێنێ‌و بەڕێوەی دەبات چ خودی خۆی یان بەهۆی کەسان یان لایەنی پەیوەست بەخۆی.

**یازدەم:** بەکارخەری ئاسمانی (وەبەرهێنەر): هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی یان دەزگا یان کۆمپانیا، ئەرکی بەکارخستنی فڕۆکە دەگرێتە ئەستۆ، بۆ مەبەستەکانی گواستنەوەی ئاسمانی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بەشێوەیەکی بەکرێدان یان پێشکەشکردن یان بەکارخستنی خزمەتگوزاریەکانی ئاسمانی یان هەر کارگوزارییەکی دیکە، چ بۆ حیسابی خۆی بێ یان لەبری کەسێکی دیکە یان دەزگایەك یان کۆمپانیایەکی دیکەو دەستەی فڕۆکەوانەکان ملکەچی فەرمانەکانی دەبن.

**دوازدەم:** خزمەتگوزاریەکانی سەرزەوی: مەبەست لە خزمەتگوزاری سەرزەوی هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە لە فڕۆکەخانەکان پێشکەش دەکرێن بەهۆی کۆمپانیاکان یان دامەزراوەکانی تایبەتمەند کە لەلایەن دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقی پشتی پێ دەبەسترێ بۆ پێشوازیکردن‌و ڕاگواستنی فڕۆکەو ڕێبوارانو ئەوەی فڕۆکەکان دەیگوازنەوە لە کەلوپەلو کاڵاوپۆستە لەوانەش داگرتن‌و بارکردن‌و هەروەها بارو بۆ کردنی فڕۆکەکان بەخواردنەوەو کەرەستەکانی خواردەمەنی شتی دیکەش، هەر لەدەرەوەی باڵاخانەکانی فڕۆکەخانەو لەناو شوێنی جولانەوەی فڕۆکەکان تاوەکو سەرکەوتن بۆ ناوفڕۆکە بەرلەفڕینی‌و ئەو کەرەستانەی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێ پێشکەش دەکرێ دەبێ هاوشێوەی ئەو تایبەتمەندییە پێوانەییانە بێ کەلەلایەن دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقی بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکان پشتی پێ ببەسترێ.

**سیازدەم:** پێوانەکانی نێودەوڵەتی: هەرچییەك لەپاشکۆکانو قەواڵەکانی ڕێکخراوی فڕۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی (ICAO) هەموارکراوەکانی دا هاتبێت.

**چواردەم:** پێوانەکانی ناوخۆیی: هەر پێوانەیەك لەیاسای فڕۆکەوانی شارستانی عێراقی و هەموارکراوەکانیدا هاتبێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتەکانی هەرێم لەم مەیدانەدا بەجۆرێك لەگەڵ دەقەکانی دەستووری عێراقیدا ناکۆك نەبێت.

**پازدەم:** فڕۆکەخانە: ڕووپێوێکی دیاریکراوە لەسەر ڕووبەری زەوی یان ئاو لەوانەش باڵاخانەو دامەزراوو کەرەستەکانی تایبەتکراوە سەراپای یان بەشێکی بۆ گەیشتن‌و جێهێشتنی فڕۆکەکان یان لەبەر جولانەوەیان لەسەر رووبەری زەوی.

**شازدەم:** فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی: فڕۆکەخانەیەکە حکومەتی هەرێم لە هەرێمەکەی خۆیدا دایدەمەزرێنێ بۆ هاتنەناوو دەرچوونی جولانەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی‌و، وەرگرتنی هەموو

ڕێکارەکانی پەیوەست بە گومرگو کۆچکردنو تەندروستیو کەرەنتێنە–قورمێنە لەوانەش بەرگرتن لە ئاژەڵو ڕووەك، زۆر ڕێکاری هاوشێوەی دیکەش.

**حەڤدەم:** ڕێپێدان: ڕەزامەندییەکە دەسەلاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەریدەکات بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی دیاریکراو کە دەکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی.

**هەژدەم:** ڕێبەری فرۆکەخانە: ئەو ڕێبەرەی دەسەلاتی فرۆکەخانەکان دەریدەکات ئەو پرەنسیپە بنچینەییانە لەخۆی دەگرێ کە لە پێڕەو وپاریزنامەو ڕێنماییو ڕێساکانی پێویست کە دەبێ پەیرەوی بکرێ، داهاتووە، لەپێناو سەلامەتیو ئاسایشی فرۆکەخانەو فرۆکەکان.

**نۆزدەم:** رێپێدان بەفرۆکەخانە: ڕەزامەندییەکانی دیاریکراوە دەسەلاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەریدەکات بۆ ئەوەی پرۆسەی بەکارخستنی فرۆکەخانە بگرێتە ئەستۆ.

**بیستەم:** مۆڵەتدان: باوەڕنامەیەکە یان ڕێپێدانێکە دەسەلاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق دەیداتەکارمەندانی کەرتی فرۆکەوانیی شارستانی، ئەوانەی سروشتی کارەکانیان پێویست بەهەبوونی باوەڕنامە یان ڕێپێدان دەکات، بەپێی ئاستەکانی بڕیار لێدراوی نێودەوڵەتیەوە.

**بیست ویەکەم:** جولانەوەی ئاسمانی: هەموو فرۆکەکانی بەئاسمانەوەن، یان لەناوچەی فرۆکەخانە مانۆڕدەگرن.

**بیست ودووەم:** شوێنی مانۆڕگرتن (سوڕانەوە) لە فڕۆکەخانە: ئەو شوێنەیە بۆ فڕینو نیشتنەوەو جولانەوەکانی دیکەی پەیوەست بە فڕینو نیشتنەوە بەکاردێت بەدەر لە گۆڕەپانی وەستانی فڕۆکەکان.

**بیست وسێیەم:** فرۆکە: هەر ئامێرێك بتوانێ لە ئاسمان بمێنێتەوە بەهۆی کاردانەوەکانی هەوا، نەوەك بەهۆی ئەو کاردانەوانەی لەسەر ڕووبەری زەوی ڕەنگدەداتەوە، هەموو نەفەرهەڵگرەکانی هەوا دەگرێتەوە وەکو مەناتیدو بالۆنەکانو فرۆکەکانی چارۆگەدارو ئەو فرۆکانەی کە باڵەکانیان دەجولێتەوە هەتادوایی..

**بیست وچوارەم:** ڕێککەوتننامەی شیکاگۆ: ڕێککەوتننامەی فرۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی کە لە شیکاگۆ لە 7/کانوونی یەکەمی/1944 مۆرکراوەو بەیاسای ژمارە(6)ی ساڵی 1947و پاشکۆو قەواڵەو برتۆکۆڵەکانی تایبەت بەوو هەموارکراوەکانی پەسندکراوە.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی پیادەبوونی حوکمەکانی ئەم یاسایە

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر هەموو فرۆکەخانە شارستانیەکانی هەرێمی کوردستان پیادەدەکرێ.

**ماددەی سێیەم:**

دەزگا پابەنددەبێت بەهەموو ڕێساو بەرزەفتکاریو ڕێنماییەکانی کە دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق دەریدەکاتو پەیوەستە بەسەلامەتیو ئاسایشی فرۆکەوانی شارستانی و پشت بە پێوانە نێودەوڵەتیەکان دەبەستێ بەجۆرێك نابێ پێچەوانەی دەقەکانی ئەم یاسایە بێت.

## دەروازەی دووەم

## دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم

## دامەزراندن

**ماددەی چوارەم:**

بەپێی ئەم یاسایە دەزگایەك دادەمەزرێ بە ناوی (دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق) بەوەزارەتەوە پەیوەست دەبێت و، کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی ئیدارە و هونەریی خۆی دەبێت و، بودجەیەکی تایبەتی لەناو بودجەی وەزارەتەکەدا دەبێت، فەرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەتی سەرۆکایەتی دەکات بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەبێت و، لەم بوارەدا خاوەن ئەزموون بێت، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێ و دەزگاکە، لەسەر ڕاسپاردەی وەزیر، یاریدەدەری سەرۆکی دەزگا و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دادەمەزرێنێت.

**مادەی پێنجەم:**

یەکەم: دەزگا لەم دامەزراوانەی خوارەوەپێك دێت:

1- سەرۆکی دەزگا.

2- یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگا بەپلەی تایبەت دادەمەزرێت.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات.

4-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات.

5- شارەزایان و راوێژکاران.

دووەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەو دامەزراوە ئاماژە بۆ کراوانەی لە برگە ( یەکەم)ی سەرەوەدا بەپێڕەوی ناوخۆیی تایبەت دیاریدەکرێت، کەئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا دەریدەکات و ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەو یەکەکانی نوێ دابهێنێ یان هەڵیانوەشێنێتەوە و یەکیان بخات بەپێی پێداویستی کارو بەرەزامەندی وەزیر. لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی وبەرژەوەندی دەزگاکە.

## بەشی دووەم
## ئامانج وئەرك و ئیشەکانی دەزگا

**ماددەی شەشەم:**

دەزگا ئامانجی گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی هەمووکاروباری فڕۆکاخانە شارستانیەکان لەهەرێمی کوردستان_عێراقی هەیە، هەروەها بەڕێوەبردن و بەگەڕخستن و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی گواستنەوەی ئاسمانی لەلایەنەکانی هونەری و بەگەرخستن و ئابووری و رێکخستنی کارگێڕی جولانەوەی ئاسمانی کارا لە سەرزەوی و لە ئاسمانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم، بەجۆرێك ئاستەکانی ئاسایش و سەلامەتی بە پێی پێوانەکانی نێودەولەتی و ناوخۆیی بهێنێتەدی.

**ماددەی حەوتەم:**

دەزگا ئەم ئەرك و ئیشانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** پەرەپێدانی ناوەندی فڕۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمدا بەشێوەیەکی کاریگەر بەجۆرێك سەلامەتی و ئاسایشی فڕۆکەکانی مسۆگەر بکات.

**دووەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی جولانەوەی ئاسمانی دیاریکراوەکانی خوارەوە بۆ فڕۆکەکانی کارا لە شوێنی مانۆڕکردن و ئاسمانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم:

1- خزمەتگوزاری چاودێری کردنی فڕۆکەخانە

(AERODROME CONTROL SERVICE)

بەوبڕوایەی بەشێکە لە خزمەتگوزاریەکانی جولانەوەی ئاسمانی

(AIR TRAFFIC CONTROL SERVICE)

2- خزمەتگوزاری زانیاریەکانی گەشت

(FLIGHT INFORMATION SERVICE)

3- خزمەتگوزاریەکانی ئاگادارکردنەوە (ALERTING SERVICE)

**سێیەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی چاودێریکردنی سەرزەوی

(GROUND CONTROL)

بۆ فرۆکەو نەفەر هەڵگرەکان و کەسانی کرێکار لە گۆرەپانی وەستانی فرۆکەکان.

**چوارەم:** هاندانی وە بەرهێنان لە خزمەتگەزاریەکانی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

**پێنجەم:** توێژینەوەو پێداچونەوەو تۆمارکردنیان و دانانی پلانەکان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمدا.

**شەشەم:** دابینکردنی سەلامەتی فرۆکەوانی شارستانی لە هەرێمدا بە پێی یاساو پێرەووڕێنماییەکانی ناوخۆو نێودەولەتی تایبەت بە کاروباری فرۆکەوانیی شارستانی.

**حەوتەم:** بەکارخستنی بە توانای فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمدا و هێنانەدی ئاستی خزمەتگوزاریەکانی گونجاو لەگەڵ پێداویستیەکانی ناوخۆیی ونێودەوڵەتی.

**هەشتەم:** پێشنیازکردنی پلان و سیاسەتەکانی تایبەت بە گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

**نۆیەم:** ئامادەکردن و راهێنان و پەرەپێدانی هێزی کارگەر لەمەیدانی فرۆکەخانەکانی هەرێم.

**دەیەم:** رێکخستن وبەرێوەبردنی کەش و هەواوسەرپەرشتیکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاریەکانی پێویست بۆ جولانەوەی کەشتییەوانی ئاسمانی وەکو گەیاندنەکان و چاودێریکردنی ئاسمانی لە ئاسمان و فرۆکەخانەکانی هەرێم بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عیراقەوە پێی دراوە.

**یازدەم:** رێکخستنی پرۆسەکانی بەرێوەبردنی جولانەوەی ئاسمانی لە ئاسمان و فرۆکەخانەکانی هەرێم بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی رەوانەکردنی بەشێوەیەکی خێراو رێكو پێك بەپێی پێوانەکانی نێودەولەتیو ناوخۆییو ئەو دەسەلاتانەی لەلایەن دەسەلاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق پێی دراوە.

**دوازدەم:** پێشنیارکردنی دامەزراندنو ئامادەکردنی فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمداو سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی کارگێڕیو بەگەڕخستنو وەبەرهێنانی.

**سیازدەم:** مسۆگەرکردنی مافەکانی هاوشانی (ارتفاق) ئاسمانی لە ئاسمانو فرۆکەخانەکانی هەرێم.

**چواردەم:** دابینکردنی بیناو موڵكو ئامێرو کەرەستەو وێستگەو منارەکانی بەتەل و بێتەل بۆ فرۆکەخانەکانی هەرێم.

**پازدەم:** پشکنینی فرۆکـەکان و قەدەغـەکردنیان لــە فــڕین، یــان گلدانــەوەی هــەر بەڵگەنامەیـەك پەیوەندی پێیەوە هەبێت بەپێی هەبوونی پێداویستیەکانی ئاسایشو سەلامەتی فرۆکەکەو بـەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراقو دەسەڵاتەکانی هـەرێم پێـی دراوە.

**شازدەم:** هەماهەنگی کردن لـەگەڵ لایەنەکانی ناوخۆیی تایبەتمەند بۆ دانانی بـەرزەفتکاریو ڕێـڕەوو ڕێنماییەکانی کە بەپێویستی دەزانێ بۆ پاراستنی ئاسایش لە ئاسمانو فرۆکەخانەکانی هەرێمو مسۆگەرکردنی سەلامەتی فرۆکەکانو یارمەتیدانی فرۆکەوانی (کەشـتیەوانی)و ڕێکخسـتنی گەیاندنو پەی پـێ بردنـی ئاسمـانی (ڕادار)، بـەپێی ئـەو دەسـەڵاتانەی لەلایـەن دەسـەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراقو دەسەڵاتەکانی هەرێم پێی دراوە.

**حەڤدەم:** سەرپەرشتیکردن بەسەرکاروبارەکانی پەیوەندیدار بەسـەلامەتی فرۆکـەوانی شارسـتانی لــە ئاسمــانو فرۆکەخانــەکانی هــەرێمو چــاودێریکردنی پابەنــدبوونی لایەنــەکانی تایبەتمەنــد بەبەرزەفتکاریو ڕێڕەوو ڕێنماییەکانی بەرکار بەپێی ئەو دەسـەڵاتانەی لەلایـەن دەسـەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق پێی دراوە.

**هەژدەم:** گفتوگۆکردن لـەگـەڵ کۆمپانیاکـان بـۆ بەکارخسـتن وبـەڕێوەبردنی فرۆکەخانـەکان یـان بنیاتنانو بەکرێدانی باڵەخانەو عەمبارو شوێنەکانی ئازادو گۆڕەپانەکان.

**نۆزدەم:** مۆڵەتدانو ڕێگەپێـدانی تایبـەت بـە کردنـەوەی نووسـینگەی کۆمپانیاکـانی فرۆکـەوانیو بریکارەکانی کۆمپانیا فرۆکەوانیەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن،وچاودێریکردنی کارەکانیـان بۆ مسۆگەر کردنی پابەندبوونیان بەمەرجەکانی ڕێگەپێـدان بـەپێی ڕێڕەوەکـانی پشـت پـێ بەستراو.

**بیستەم:** هەماهەنگی کردن لـەگەڵ دەسەڵاتی فرۆکـەوانی شارسـتانی عێـراق بـۆ تـەواوکردنی ئـەم کارانەی خوارەوە بەپێی بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی:-

1- ئەنجامدانی کاری بەدوادا گەڕان و بەهانا هاتنی ئەو فڕۆکانەی لەناو سنوری هەرێمدا پێویستیان پێی هەیە.

2- ڕێگە دان بە فێربوون راهێنان لە سەر فرۆکەوانی و کارەکانی ئاسمانی لەناو سنووری هەرێمدا.

3- ئەنجامدانی پرۆسەکانی فێرکردن و راهێنان لە جۆرەها مەیدانەکانی فرۆکەوانی شارستانی لەناو سنووری هەرێمدا و لەمیانەی کردنەوەی خول و ئەلقەکانی خوێندن و کۆنگرەکان.

4- دانانی ڕێساکانی ئاسمانی و پێڕەوەکانی پەیوەندیدار بە فڕینی فڕۆکەکان و فڕۆکەوانی ئاسمانی و پاراستنی کەسان و سامانی گشتی و تایبەتی لەسەر زەوی و ڕێگای بەکارهێنانی پانتاییی ئاسمان لەناو سنووری هەرێمدا.

5- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوو دەستەکانی نێو دەولەتی و هەرێمایەتیی تایبەتمەند لە مەیدانەکانی فڕۆکەوانی شارستانی.

6- دەرکردنی ڕێگە پێدانی تایبەت بە گەشتەکانی ڕێکخراوو بە ڕێکەوتی بۆ کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی شارستانی ناوخۆ و بیانی کە ئاسمان و فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەکاردەهێنن و تۆمارکردنی ئەو ڕێپێدانانە.

7- دەرکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانی کارایی پیشەکانیان بۆ کارمەندان لەهەندێ پیشەی فڕۆکەوانی شارستانی لە هەرێمدا،وتۆمارکردنی ئەو مۆڵەتانەو چاودێری کردنی پرۆسەکانی نوێکردنەوەیان بەپێی بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

8- تۆمارکردنی فڕۆکەکانی شارستانی کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکانی نیشتمانی سەر بە هەرێم و ئەو ڕێپێدانانەی پەیوەستە بە سەلامەتی بەکارخستن و پاراستنی و تۆمارکردنی ئەو ئەنجامانەی لێیەوە پەیدا دەبن.

**بیست و یەکەم:** بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی پەیوەندیدار بە گرێدانی ڕێککەوتنەکانی دووانەو بە کۆمەڵ بۆ خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوەی ئاسمانی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی فڕۆکەوانی شارستانی لە دەولەتەکانی دیکەوە، وتۆمارکردنی ئەنجامەکانی لێیەوە پەیدا دەبن، بە جۆرێك خزمەت بە بەرژەوەندی فڕۆکەوانی شارستانی و فڕۆکەخانەکانی هەرێم بگەیەنێ.

**بیست و دووەم:** مسۆگەر کردنی مافەکانی ڕێبواران و گواستنەوەی کالاکان بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی ناوخۆیی و نێو دەولەتی.

**بیست و سێیەم:** سەرپەرشتیکردنی بنیاتنان و پاراستنی هەموو شوێنەکانی (المرافق) کە خزمەت بە جولانەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم دەگەیەنێ.

**بیست و چوارەم:** ڕێکخستنی بازاڕی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

**بیست و پێنجەم:** ئاڵ و گۆڕکردنی شارەزایەتی و زانیاریەکان لەگەڵ دەسەلاتی فڕۆکەوانی شارستانی و دەسەلاتەکانی فرۆکەخانەکانی دەوڵەتانی دیکە.

**بیست و شەشەم:** ئامادەکردنی دەرخستەکان و نەخشەسازیەکانی تایبەت بە دامەزراندنی شوێنە نوێیەکانی (المرافق الجدیدة) خزمەت بە جوڵانەوەی ئاسمانی لە فرۆکەخانەکانی هەرێم دەگەیەنێ.

**بیست و حەوتەم:** دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی هونەری و وەگەڕخستن و کارگێڕی مرۆیی بۆ فڕۆکەخانەکانی هەرێم.

## بەشی سێیەم
## ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا

### ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

| | |
|---|---|
| یەکەم: سەرۆکی دەزگا. | سەرۆك |
| دووەم: یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگا. | جێگری سەرۆك |
| سێیەم: بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی | ئەندام |
| چوارەم: بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی | ئەندام |
| پێنجەم: شارەزاو راوێژکاران لەمەیدانی فڕۆکەوانی شارستانی ئەوانەی بەفەرمی و بەشێوەیەکی بەردەوام دادەمەزرێن یان لە رێگەی گرێبەست لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دەزگا و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت. | ئەندامن |
| شەشەم: بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی | ئەندام |

حەوتەم: ئەندامێك یان زیاتر لەناوەوە یان دەرەوەی دەزگا، سەرۆکی دەزگا بە پێویستی دەزانێ ئامادە بێت لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

# بەشی چوارەم

# دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگاو سەرۆکی دەزگا

## ماددەی نۆیەم:

دەزگا فڕۆکەخانەکانی هەرێم ڕێکدەخات و پەرەیانپێدەدات وچاودێری چالاکیەکانیان دەکات و سیاسەتەکانی گشتی گواستنەوەی ئاسمانیی پیادە دەکات ، ولە پێناو هێنانەدی ئەوانە، ئەنجومەنی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

**یەکەم:** نەخشەکێشان و بڕیاردان سەبارەت بە سیاسەتی گشتی دەزگا بەرزکردنەوە بۆ وەزارەت تاموافەقەتی لەسەر بکات.

**دووەم:** پشکنین و چاودێری کردنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ جەختکردن لەسەر پابەند بوونیان بە بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکان.

**سێیەم:** ڕاگرتن یان کۆتکردنی چالاکی هەریەك لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم ئەگەر هاتوو سەرپێچیان لە مەرجەکانی بە کارخستن کرد.

**چوارەم:** پەسندکردنی گرێبەستەکانی پەیوەندیدار بە بەرپاکردن و پەرەپێدانی دامەزراو و پڕۆژەکانی فرۆکەوانی شارستانی و وەبەر هێنانی دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لایەنەکانی تایبەتمەند.

**پێنجەم:** پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەکانی هاوکاری کردن لە مەیدانی فرۆکەوانی شارستانی لەگەڵ لایەنەکانی دەرەکی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.

**شەشەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەو میلاکەکان و ژمێریاری کۆتایی دەزگاو بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت.

**حەوتەم:** ڕەزامەندی نواندن لەسەر کڕینی ئامێرو کەرستەو میکانزم و کەرستەکانی پێویستی دەزگاو فڕۆکە خانەکانی هەرێم لە دەرەوەی عێراق بەپێی ڕێکارو ڕێڕەوەکانی پەیڕەوکراو.

**هەشتەم:** هەڵسەنگاندنی ئەو ئەنجامانەی هاتوونەتەدی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تا چ ڕادەیەك ئەو ڕێڕەوانەی پیادە کراون و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە فڕۆکەو ڕێبواران کراون ئەو ئامێروکەرستە بەکارهاتووانە و میلاکی هونەری و بەگەڕخراو و کارگێڕی کە پڕۆسەکانی بەڕێوەبردن و بەکارخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم، لەگەڵ بەرزەفتکاری و پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناو خۆیی گونجاوە ، بۆ وەرگرتنی ئەوەی بە پێویستی دەزانێ بۆ ئەم مەبەستە.

**نۆیەم:** دانانی بەرزەفتکاری تایبەتی بۆ ئامادەکردنی میلاکاتی هونەری و وەگەڕخستن کارگێڕیی دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێم.

**دەیەم:** دەستنیشانکردنی میلاکەکانی هونەری و کارگێڕی و وەگەر خستن، کە پرۆسەکانی پەرەپێدانی تواناو بەجێهێنانی دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەریم پێویستیان پێی هەیەو دەبێ هەڵبژاردنیان بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتیی و ناوخۆیی بێ بەپێی سروشتی کاری هەریەکێکیان.

**یازدەم:** دانانی پلانەکانی پێویست بۆ ئامادەکردن و پەرەسەندنی میلاکەکانی هونەری و بەکارخستن و کارگێڕی کارا لە دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێمدا، لە میانەی بەشداری کردنیان لە خولەکانی تایبەتمەند لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق و بەپێی پێداویستی کاری هەریەکێکیان.

**دوازدەم:** هەناردنی میلاکەکانی هونەری و بەکارخستن و کارگێڕی کارا لە دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ دەرەوەو ناوەوەی عێراق، بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی تایبەتمەند یان بۆ بینین و ئاگاداربوون یان ئامادەبوونی سیمینار یان کۆبوونەوە یان کۆنگرەکان یان ئەلقەکانی خوێندن کە پەیوەستە بە سروشتی کارەکانیان بەپێی ڕێنماییەکانی بەرکار .

**سیازدەم:** گرێبەستان لەگەڵ تاك و لایەنەکانی ناوخۆیی بۆ بەڕێوەبردن و پڕکردنەوە وەبەرهێنانی فەرمانەکانی هونەری یان بەکارخستن هەروەها بۆ پڕکردنەوەی وەزیفەی هونەری یان بەکارخستنی کارگێڕی کە پڕۆسەی پەرەسەندنی تواناو بەجێهێنانی دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێم پێویستیان پێی هەیە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر هەروەها گرێبەستان لەگەڵ تاك ولایەنەکانی بیانی بۆ هەمان مەبەست دوای بەدەستخستنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**چواردەم:** گرێبەستان بە شێوەیەکی بەردەوام یان کاتی لەگەڵ شارەزایان و ڕاوێژکاران دوای بە دەستخستنی ڕەزامەندی وەزیر.

**پازدەم:** ڕەزامەندی نواندن لەسەر کڕینی کەرەستەکانی یەدەگی لەناوەوە یان لە دەرەوەی عێراق کە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی کاری دەزگاو بەکارخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

**شازدەم:** گرێبەستان لەگەڵ لایەنەکانی تایبەتمەند بۆ پشکنین و پاراستنی ڕێکخەرەکانی لە پرۆسەکانی گەیاندن و ڕوانگەکانی ئاسمانی (رادار) و فڕۆکەوانی ئاسمانی و پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی جولانەوەی ئاسمانی بەکار دێت و بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

**حەڤدەم:** دەست نیشانکردن و وەرگرتنی ڕەسم و کرێیەکان لەبری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە فڕۆکەو ڕێبواران و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و لایەنەکانی دیکە دەکرێ،

بەپێی بەرزەفتکاری و پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی بەو شێوەیەی پەسندی دەکەن، بۆ هاندانی گەشەسەندنی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

**هەژدەم:** وەرگرتنی ڕێکارەکانی پێویست بۆ دابینکردنی سەلامەتی فڕۆکەوانی ئاسمانی تایبەت بە کۆسپی دامەزراوەکان یان ئەوانەی دەیانەوێ دایبمەزرێن لەچواردەوری فڕۆکەخانەکانی هەرێم و دامەزراوی ئامێرەکانی فڕۆکەوانی،و لابردن و قەدەغەکردنی بەرپاکردن یان بنیاتنانی هەر کۆسپێك کە مەترسی لەسەر سەلامەتی فڕۆکەوانی ئاسمانی دروست بکات، و بەپێی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی و ڕێنماییەکانی تایبەت بە کۆسپەکان بەجۆرێك لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق بڕواتە ڕێوە.

**نۆزدەم:** دابین کردنی پێداویستیە زەروریەکان لە ئامێرو کەرەستەو ڕێکخەرەکانی پەیوەندیدار بەئاسایشی فڕۆکەخانە و فڕۆکەکان بە جۆرێك لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی گونجاو بێت لە جێبەجێ کردنی پێڕەوی تایبەت بە ئاسایشی فڕۆکەخانەو فڕۆکەکان.

**بیستەم:** وەرگرتنی ڕێکارەکانی بەرایی سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوی فڕۆکەکان کەلە فڕۆکەخانەکان یان لە دەرەوەیان ڕوودەدەن، تاوەکو لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند دەگەنەجێ و هاوکاریکردن و بەردەوامبوون لەگەڵیاندا لە بەکۆتاهێنانی پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە.

**بیست و یەکەم:** بنیاتنانی فەرمانگەکانی (کەڕەنتینە_قورمتینە) و کشتوکاڵ لە فڕۆکەخانەکان و چاودێری کردنی پیادەکردنی بۆ ڕێڕەوو ڕێنماییەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

**بیست و دووەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە سەرۆکی ئەنجومەنی بسپێرێ.

## ماددەی دەیەم:

سەرۆکی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجامدەدا:

**یەکەم:** بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاو سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجومەن سەرپەرشتی فەرمانگەکانی سەر بەدەزگا دەکات.

**دووەم:** نوێنەرایەتیکردنی دەزگا لە کۆبوونەوەو کۆنگرەو سیمینارو ئەڵقەکانی خوێندنی تایبەتمەند لەناوەوە و دەرەوەی عێراق دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزیر.

**سێیەم:** نوێنەرایەتی کردنی دەزگا لەبەردەم دادگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار.

**چوارەم:** ئیمزاکردنی ئەو نووسراوانەی لە دەزگاوە دەردەچێ.

**پێنجەم:** رەزامەندی نواندن لەسەر سەرفکردنی بڕە پارەکان بەپێی ڕێنمایی و یاساکانی بەرکار.

**شەشــەم:** ئیمزاکردنــی هــەموو گرێبەســتەکانیپەیوەندیدار بــە دەزگــا دوای بــە دەســتهێنانی ڕەزامەندیەکانی ئوسولی.

**حەوتەم:** دامەزراندنی لیژنەکانی هونەری و بــە کارخســتن و کــارگێڕی و دارایــی و یاســایی و ئاسایشی و هەرلیژنەیەکی دیکە کە بەپێی پێداویستیەکانی کار بە پێویستی بزانێ.

**هەشتەم:** ئیفاد کردنی فەرمانبەران دوای بە دەستهێنانی ڕەزامەندی لایەنەکانی تایبەتمەند.

**نۆیــەم:** ســەرۆکی دەزگــا بــۆی هەیــە بەشــێك لــە دەســەلاتەکانی بــە یارمەتیــدەری ســەرۆکی دەزگاوبەرێوەبەرە گشتیەکان بسپێرێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان وەکو پێویســت بــە جێبهێنن.

## بەشی پێنجەم
## دارایی

### ماددەی یازدەم :

دارایيەکانی دەزگا لـە مانە پێك دێت :

**یەکەم:** ئەوی لـە بودجەی سالأنەی گشتی بۆی تەرخان دەکرێ.

**دووەم:** بەخششەکانی دارایی و نمونەیی (العينية) و پێدانەکانی (الهبات) پێشکەشی دەکرێن.

**سێیەم:** هەر تەرخان کردنێکی دارایی کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی دەکات

## دەروازەی سێیەم
## فرۆکەخانەو دەزگاکانی خزموتگوزاری فرۆکەوانی
## بەشی یەکەم
## بنیاتنانی فرۆکە خانەکان و بەرێوەبردن و بەکارهێنانی

### ماددەی دوازدەم:

هەموو فرۆکەخانەکانی شارستانی و دەزگاکان و بیناو موڵك و ئامێرو کەرستەو وێستگەکانی بەتەل و بێ تەل و منارەکان و یارمەتیەکانی فرۆکەوانی ، بە ناوەندەکانی گشتی (المرافق العامة) دادەندرێن ، مولکایەتیان بۆ دەزگا دەگەرێتەوە.

**ماددەی سیازدەم:**

دەزگا چاودێری ئاستی ژاوەژاوی رێگە پێدراو بۆ فرۆکەکانی فرۆکەخانەکانی هەرێم بە کاردێنن ، دەکات، بۆدڵنیا بوون کە تاچ رادەیەك لە گەڵ بەرزەفتکاری و رێنماییەکانی لە دەسەڵاتی فرۆکەوانی عیراق دەردەچێت، دەڕوات.

**ماددەی چواردەم:**

یەکەم: دەزگا کرێ و رەسمەکان دیاریدەکات لە بەرامبەر بە کارهێنانی فرۆکەخانەکانی هەرێم یان بەکارهێنانی بەشێکی و هەروەها بەرامبەر ئاسانکاریەکانی فرۆکەوانی ئاسمانی و خزمەتگوزاریەکانی جولانەوەی ئاسمانی کە پێشکەشی دەکات لە ئاسمان و زەوی ئەو فرۆکەخانانەو هەر خزمەتێکی دیکەی پێشکەشی دەکات ، بەپێی پەیرەوێك بەپێی ئەم یاسایەوە دەردەچێت.

دووەم: ئەو پەیرەوەی بەپێی بڕگە(یەکەم) ی ئەم ماددەیەدەردەچێت دەستنیشانی حالەتەکانی بەخشین و کەمکردنەوەی کرێ و رەسمی دیاریکراو دەکات.

## بەشی دووەم

## مافەکانی هاوشانی ( ارتفاق ) ئاسمانی

**ماددەی پازدەم:**

مافی هاوشانی تایبەتی دادەمەزرێ بەناوی ( مافەکانی هاوشانی ئاسمانی) بۆ دابینکردنی سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی و بەباشی کارکردنی ئامێرەکانی پێیەوە بەندە و ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

یەکەم: لابردن یان قەدەغەکردنی بەرپاکردنی هەر باڵاخانەیەك یان بنیاتنان یان دارچاندن یان هەر کۆسپێك، هەرچۆنێك بێت یان دیاریکردنی بەرزیەکەی ، ئەگەر لە شوێنەکانی چواردەوری فرۆکەخانەکانی هەرێم و دەزگاو ئامێرەکانی فرۆکەوانی بێت.

دووەم: لابردن یان قەدەغەکردنی درێژکردنەوە یان جێگیرکردنی تەلەکان لەهەر جۆرێك بێت.

سێیەم: دانانی نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە دەربارەی ئەو کۆسپانەی مەترسی لە سەر سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی دروست دەکەن، لە ئاسمان و زەوی فرۆکەخانەکانی هەرێم.

**ماددەی شازدەم:**

دەزگا بە بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی دەسەلآتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق دایدەنیٚ،پابەند دەبێت تایبەت بە چوارچێوەو رادەی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی و ئەو ناوچانەی لیٚی دادەسەپیٚ. لەبەررۆشنایی حوکمەکانی پاشکۆی چواردەمی ڕێککەوتنامەی شیکاگۆ، و ئەوەی دەسەلآتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ دابینکردنی سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی بڕیاری لە سەر دەدات.

**ماددەی حەڤدەم:**

نابیٚ هیچ بالآخانەیەك بنیاتبنریٚ یان هیچ کۆسپێك بەرپابکریٚ لە ناوچەکانی دەکەونە ژێر مافەکانی هاوشانی ئاسمانییەوە ، یان هیچ گۆرانکارییەك لە سروشتی یان رووی بە کارهێنانی ئەو زەویانەی ملکەچی ئەو هاوشانیەن، بکریٚ، تەنیابە پیٚی ڕێگە پێدانی پێشینە لەلایەن دەزگاوە نەبیٚ و بەپیٚی ئەو مەرجانەی دیاریدەکات.

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکەم:** نابیٚ هیچ منارەیەکی تیشکدەر یان بیٚ تەل لە شوێنەکانی تەنیشت فرۆکەخانەکانی هەرێم بنیاتبنریٚ تەنیا دوای رەزامەندی دەزگانەبیٚ.

**دووەم:** دەزگا بۆی هەیە هەر ئامێرێکی تێشکدەر لاببات یان هەمواری بکات ، چونکە بۆی هەیە ئامێرەکانی تێشکدەری یارمەتیدەری فرۆکەوانی ئاسمانیەکانی کە لە فرۆکەخانەکانی هەرێمدا بەکاردێن چەواشە بکات ، هەروەها بۆی هەیە ئەوەی پێویستە لە کۆتکردن بسەپێنیٚ بە سەر ئەو دەزگایانەی دوکەلٚیان لیٚ بەرزدەبێتەوە ، یان هەر مادەیەکی دیکە کە بۆی هەیە کاریگەری بە سەر بینینەوە هەبێت لەتەك فرۆکەخانەکانی هەرێمدا یان بەسەر دابینکردنی سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی لەو فرۆکەخانانەدا.

**سێیەم:** پێویستە هەرکەسێك خاوەن ئامێرەکانی کارەبا یان ئەلیکترۆنی یان ئامێرەکانی گەیاندن یان دەزگاکانی کانیی جیگیر یان جولاو،بێت یان بەکاریانبهێنیٚ، کە بۆی هەیە تێکەلآوییەك دروست بکات و کۆسپ بخاتە بەردەم ئامێرەکانی بیٚ تەل یان ئامێرەکانی یارمەتیدەری فرۆکەوانی ئاسمانی کە لەفرۆکەخانەکانی هەرێم بەکاردێن،پابەندبێت بەرێووشوێنەکانی کەدەزگا دەستنیشانی دەکات بۆ لابردنی ئەو تێکەلآوییە.

**چوارەم:** دەزگا مافی ئەوەی هەیە داوای بەکارنەهێنانی ئامێرەکانی کارەبا یان ئەلیکترۆنی یان ئامێرەکانی گەیاندن بکات، یان لابردنی دەزگاکانی کانیی ئاماژە بۆ کراو لە بڕگە (سێیەم)ی ئەم ماددەیە ئەگەر پێویستی بەوە کرد.

**ماددەی نۆزدەم:**

دەزگـا مـافی ئـەوەی هەیـە داوای تـەرخانکردنی زەوی و خانووبـەرەی پێویسـت بکـات بـۆ وێستگەکانی ئامێری بێ تەل و ئامێرەکانی تایبەت بە فرۆکەوانی ئاسمانی وهەرئامێریان ڕێکخەرەکانی دیکەی بە پێویستی بزانێ بۆ کاری فرۆکەخانەکان، بەپێی یاساکانی بەرکار بۆ ئەم مەبەستە.

**ماددەی بیستەم:**

بەپێی ڕێساو یاساکانی گشتی قەربویەکی گونجاو دەدرێت بەرامبەر بە داسەپاندنی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی.

## بەشی سێیەم

## پاراستنی فرۆکەخانەکان و فرۆکەکان و یارمەتیەکانی فرۆکەوانی

**ماددەی بیست ویەکەم:**

بەبەشـداریکردن لـەگـەڵ دەسـەلاٌتەکانی تایبەتمەنـدی دیکـە دەزگـا چـاودێری ڕادەی پابەنـدبوون بەبەرزەفتکاری و ڕێنماییـەکانی دەسـەلاٌتی فرۆکـەوانی شارسـتانی عێـراق دایـدەنێ ، دەکـات، و وەرگرتنـی ئـەوەی بەپێویسـتی دەزانـێ بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی فرۆکەخانـەکانی سـەر بـەون ، و مسۆگەرکردنی سەلامەتی فرۆکەکان و یارمەتیەکانی فرۆکەوانی ، و بۆی هەیـە لـە پێنـاو ئەوانـەدا ئەمانەی خوارەوە ئەنجامبدات:

**یەکەم:** کـۆت خسـتنە بـەردەم و قەدەغـەکردنی چـوونە نـاوی تاکـەکان بـۆ هەنـدێ شـوێنی فرۆکەخانە.

**دووەم:** دڵنیابوون لـەکەسایەتی ئەو تاکانەو ئـەو نەفـەر هەڵگرانـەی دەچـنە نـاو فرۆکەخانـە و چاودێریکردنیان و بەدەنگ هێنانی هەرکەسێك گومـانی لێ بکـرێ و ئەگـەر پێویسـت بکات بپشکندرێ.

**سێیەم:** پشکنینی هەر نەفەرێك گومانی ئەوەی لێ بکرێ کە چەك یان مادەیەك توانـای سـووتانی هەیە، وە هەڵیگرتووە، یان هەرمادەیەکی دیکە دەتوانرێ بۆ کاری تێکدەرانە یان توندو تیژی یان هەرەشەکردن بەکاربێت لـەکاتی گەشتەکەدا.

## ماددەی بیست و دووەم:

یەکەم: ڕێگا بە هیچ کەسێك نادرێت لەناو فڕۆکەدا بەبێ ڕێگە پێدان چەك یان مادەکانی توانای سوتانیان هەیە یان هەرمادەیەکی دیکە کە دەتواندرێ بۆ هەرکارێکی تێکدەرانە یان توندو تیژی یان هەرەشەکردن بە کاربهێندرێت لە کاتی گەشتەکەدا هەڵگرێت.

دووەم: ئەگەر کاروبارەکە ئەوە بخوازێ کە چەك یان هەرمادەیەك دەتوانرێ بۆ کارێك لەکارەکانی تێکدەرانە یان توندو تیژی یان هەرەشەکردن بەکاربێت بگوازرێتەوە ،پێویستە خاوەنەکەی رادەستی نوێنەری کارپێکەری ئاسمانی ( وەبەرهێنەر) بکات بەر لەچوونی بۆ ناو فڕۆکەکە ، و ئەو کەسەی ئەرکیەتی لە شوێنێکی فڕۆکەکە داینێ کە کەس لە نەفەرەکان نەتوانێ بیگاتێ ، هەروەها پێویستە بیداتەوە بە خاوەنەکەی دوای بەکۆتاهاتنی گەشتەکە.

## ماددەی بیست و سێیەم:

دەزگا لەهەر فڕۆکەخانەیەك لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم لیژنەیەکی ئاسایش پێك دەهێنێ بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عیراقەوە سەبارەت بەم مەبەستەوە دیاری دەکات.

# دەروازەی چوارەم
# حوکمە کۆتاییەکان

## ماددەی بیست و چوارەم:

لەنێوان دەزگاو دەسەڵاتی فڕۆکەخانەکانی شارستانی عێراق هەماهەنگی دەکرێ، لەوانەی پەیوەندی هەیە بە لایەنەکانی ئابوری و پەرەسەندنەوە، و هەرشتێك پێویست بێت بۆ چاککردنی ئاستی بە جێهێنانی خزمەتگوزاریەکان لە فڕۆکەخانەکانی عێراقدا.

## ماددەی بیست و پێنجەم:

ڕێگا نادرێت بە هیچ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ، هیچ چالاکیەك لە چالاکیەکانی خزمەتگوزاریەکانی سەر زەوی ئەنجامبدات، بەرلەبەدەستهێنانی ڕێپێدانی داواکراوو باوەڕنامەی کارگوزاری گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

یاسای فرۆکەخانەی شارستانی هەولێر ژمارە (20)ی ساڵی 2003 کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق دەرچووە، هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

وەزیر، بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

هەر دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی سییەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

محمد قادر عبدالله

(د. کمال کەرکوکی)

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق/ بەوەکالەت

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لە چوارچێوەی ئامانجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەرێم کە بایەخی تەواو بە چالاکی ئابوری و خزمەتگوزاری پێشکەش بەکۆمەڵگا دەدات لەسەر بنەمای گەشەی بازرگانی و پەرەپێدانی شارستانی بۆ ئاسانکاری پەیوەندی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوە و دابین کردنی خزمەتگوزاری و ئاسایش بۆ گەشتیاران لە فرۆکەخانەکانی هەرێم و رێپێدان لە هەنگاوێکی دواتر بە کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە بواری خزمەتگوزاری فرۆکەخانەکان دوای دانانی یاساکان و میکانیزمی پەیوەست بەمسۆگەرکردنی دابین کردنی شارەزایەتی هونەری وتوانای دارایی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

و لەپێناو دابین کردنی ماوەی گونجاو بۆ گەشەسەندن و پەرەسەندنی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو گەشەسەندنانە کە لەبوارەکانی گواستنەوەی ئاسمانی لەسەر ئاستی جیهاندا ئەنجامدراوە، ئەم یاسایە دانرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (29) ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا**